**جان مەك كين دەڵێ: ڕژێمی ئێران گەورەترین پشتیوانی تڕۆریسمە لە جیهاندا**

جان مەك كين، پاڵێوراوی سەرۆك كۆماری ئەمریكا دەڵێ: ڕژێمی ئێران گەورەترین پشتیوانی تڕۆریسمە لە جیهان. سەبارەت كشانەوەی پێش وەختی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراق ووریایی دا، بەهۆی دەستێوەردانەكانی ڕژێمی ئێران. ناوبراو لە قسەگەلێك دا كەلە ئەنجومەنی پێوەندیەكانی دەرەوەی لس ئانجلس، سیاسەتەكانی دەرەوەی خۆی ڕوون دەكردەوە، پێ داگری لەسەر مەترسیداربوونی كشانەوەی پێش وەختی هێزی ئەمریكا لە عێراق كرد و گوتی: من لەو باوەڕەدام كە كشانەوەی پێش وەخت بڕیارێكی عاقلانە نیە و نیشانەی شكستێكی گەورەیە بۆ وەلاتەكەمان. ڕژێمی ئێران ئەوشێوە كشانەوە بە سەركەوتن بۆ خۆی دەزانێ.

جان مەك كين بە ئیشارە بۆ ڕژێمی ئێران زیادی كرد: ئەو ڕژێمە گەورەترین پشتیوانی تڕۆریسمە لە جیهاندا، ڕژێمێك لە هەوڵی دروست كردنی بۆمبی ئەتۆمی دایە و بەڕاشكاوی ڕادەگەێنێ خوازیاری لەناوبردنی ئیسرائیلە. بەوپێیە پێگەی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا دەباتە سەر و تا ساڵهای ساڵ هەڕەشەمان لێ دەكا.